www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 29-10-2006 7:03

## مام جەلال ئەمجارەشیان کشی کرد لە تەکەتول چیەکان؟! ... مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی



تەکەتول و پیاو پیاوانی و تاقم و تاقم چێتی و دەستەگەری و ئیش کردن بۆ تەکەتول، ئایدیای حزب و رێکخراو بەلاڕێ دا دەبات و ئەندامانی تووشی نەخۆشی و گەندەڵی دەکات .

کی هەیە لەم کوردستانەدا نەفرەت نەکات لەوانەی بە تەکەتول ئەچنە سەر کورسی دەسەڵات، کی هەیە لەئێمە ڕۆژی جاری نەڵی ئێوەی تەکەتول چی بۆ دەری، چونکە تەکەتول چۆتە ناو هەناوی کۆمەڵگە و کۆمەڵگەش خەریکە بە هۆیەوە تووشی نەخۆشی ئەبی، تەکەتول بوەتە هۆی سەرچاوەی گەندەڵی و نەهامەتی بۆ چین و توێژە جیاوازەکان .

چ خەراباتێکە لێرە لەکوردستان ڕۆژانە یاری بەعەقڵی مرۆڤە ساویلکەو هیچ لەبار دانەهاتوەکان دەکری، ئەوانەی دەنگی ناخیان بەهەندی پارە، یان دەسکەوتی تر ئەفرۆشن یان بەرژەوەندیان هەیە بۆ دەرچونەوەی فلان کەس و فلان کادیر، کە لەدواجاریشدا پەشیمان دەبنەوە و هەر خۆشیان دەڵێن:ئێمە بۆ وامان کرد!

بەڕاستی سەرکردەو ڕێبەری مام جەلال، ئەمجارە دەتەوی کشەکە بکەی بەڕاستی و بەتەکەتول چیەکان بڵی ی بۆ دەرەوەو بڕۆن بۆ خۆتان حزبێکی تر دروست بکەن، بەڕاستی سەلماندت کە هەمیشە دەتەوی یاسایەك دابنی ی کە بەیاسای خەتی سوور ناوزەند کرابی تاکو چیتر کوتلەو چیتر گەندەڵی لەو وڵاتە قەزاو قەدەرە حوکم نەکات کەئەوان بەسەریان هێناوە، بەڕاستی کارامەی کە قسەکانت هەمیشە لە ڕوون، نەك وەك هەندێکیان لە پاشەملە کە دەیانەوی پاشقۆل بگرن و کورسی و مەنسەب پاوان بکەن لەسەر خۆیان، ئەوەی دەنگیشی کرد بەچەندین تووهمەی جۆراو جۆر بیخەنە زیندانەوە، ئەمەیە ئازادی و دیموکراسی وڵاتی قەزاو قەدەری من کە دەنوسین بەجاسوس و هەواڵگریەکانی ئەملاو ئەملا تاوانبار ئەکرێین، هەرچەندە نوسینەکانیش دژی گەندەڵی و خیانەت و کارە نایاساییەکان بن ئیتر ئێمە تاوانباری مێژووین،

بژی مام جەلال لە دوو شەوی پێش هەڵبژاردندا بڕیارێکی بەپەلەت دا و ووتت: ئەمجارەیان کێشە بۆ هیچ تەکەتول چیەك دروست ناکەم بەڵکو کشیان لی دەکەم، من دڵنیام کشی ئەمجارەی هەڤاڵ مام جەلال لەهەموو جاران بەقەوەت تر ئەبی، بەڵام وەك چۆن مام بەسەرۆکێکی بەبەزەیی ناسراوە، ماڤناسێکی یاساپارێزیشە دڵنیام ئەمجارەشیان سارد ئەبێتەوەو وەکو جاران هەڵوەدایان دەکاتەوە، دەنا خۆ جەنابی مام دەزانی ئەو تەکەتول و تەکەتول کاریە لەکوی سەری هەڵداو لەکوێوە تەکەتول ئاراستەی کادیرانی خواروو دەکری، وەدەش زانی بەکی بڵی کش و کشیش لەکی بکات؟!

دڵنیاشم ئەمجارەشیان نەکش و نە ئینزارە سورەکانی کۆبونەوەکان کوتلەو دەستە گەری لەناخی مرۆڤەکان کۆتایی پی بهێنن، چونکە تازە کوتلە بوەتە نان و ئاوو بوەتە شیحاری هەموو تاکێکی کورد، دڵنیام گەر ئەمجارە مام جەلال کوتلەو کوتلەکاری بن بڕ نەکات یەکێتی تووشی داڕمان دەبێت، چونکە هەمیشە ئەوانەی کوتلە ئەکەن نایانەوی وڵات ئاوەدان و یاسا سەروەر بی، تەنها بەرەکە بەلای خۆیان

و ئەوانەی دەنگیان بۆیان داوە رادەکێشن، دەرگاکانیان هەمیشە داخراو، کەس نابینن، مامەڵەی پێشمەرگەو خەڵکە فەقیرەو ڕەش و رووتەکانیش ئەبن بەئەرشیف و کاریان پی ناکرێت، ئێمەی ڕۆژنامەنوسیش شتی بنوسین دەمانکەن بەپەنی زەمانەو تا هەتایە نان براو ئەبین، وەکو ساڵێك پێش ئێستا نان براو کرا ین، دڵنیا بە مامە گیان هەموو بەرپرسەکان درۆ ت لەگەڵ ئەکەن، چونکە لای تۆ هەر بەسەر چاو چاویانەو کە دێنە دەرەوەش دوور لەتۆ لەشێوەی هیتلەری دەرگاکانیان داخراو ئیش ناکەن بۆ هیچ کەسی، پاسەوانەکانیان ناهێڵن بۆ دەقەیەك لای پرسگەکەیان بوەستین، پێمان دەڵێن:هەرکەسی مەوعیدی نەبی نابینری، گەر تەلەفۆن نەبوو، کەس گوی ی لێمان نەگرت، چۆن بگەینە ئەو بەچکە دیکتاتۆرانە کە هەموویان یەك دنیا پاسەوان و حیمایەو پێشمەرگەیان لە چوار دەوری ماڵەکانیانە .
تکا دەکەم مامە گیان ئەمجارە کش بکە لەو بەرپرسانەش کە نایانەوی خەڵك ببینن و کار بۆ خەڵك بکەن، چونکە وەکو ڕۆژنامەنوسێك ڕۆژانە چەندین قسەی خراپم بەر گوی ئەکەوی کە بە هۆی ئەوانەوە بەیەکێتە پاك و راستەقینەکەم دەدری؟